# شاهۆ ئەمین جاریکی تر بەنازی کوشتەوە..!!

## شەهلا ڕەواندوزی

بەرنامەکەی -شاهۆ ئەمین -ی بیژەر کە دەربارەی تاوانی کوشتنی –بەناز مەحمودئاغا- لەلەندەن ئامادەی کردبوو،لەکوردستان تیڤی پیشکەش کرا، بەرنامەیەکی تا سەر ئیسقان ناهەقی بوو بەرامبەر خەبات وگیانفیدایی بەنازی جوانە مەرگ ، ئەوبەرنامەیە هەوڵ دان بوو بۆ جوانکردنی ڕوخساری تاوانباران و هاندانی خەڵك بوو بۆ بەزەیی هاتنەوە بەتاوانباران!!ئیمە کەسەرەتاکەمان دیت گوتمان بیٚ گومان - شاهۆ – ئەچیتە سەر گۆری بەنازو تاجە گوڵینە دادەنیٚ، یا هەوڵ دەدات لەم بەرنامەیەدا –بیٚ خال- ی خوشکی بچوکی بەناز دەدۆزیتەوە کە ماوەی دوو ساڵە لە دەست خیزانە دڕندەکەیان ڕای کردووەو تەنها پۆلیس دەزانیٚ لەکویٚ یە؟!

هەروەکو من ئاگادارم –بیٚ خالٚ- بەم بەرنامە بیٚ سەرو بەرەی-شاهۆ ئەمین- زۆر توڕەیەو ، دەزانی کە لەو بەرنامەیە هەقیان خوراوەو، ئەووەش دەزانیٚ کە ئەو بەرنامەیە لەسەر خواستی (ماڵی باوکی- واتا مەحمودی بابەکر ئاغا) سازدراوە..،شاهۆ ئەمین ئەگەر نەیدەتوانی - بیٚ خالٚ – بدۆزیتەوە، دەیتوانی ئەوانە بدۆزیتەوە کەبە کیشەی بەنازەوە ماندوو بون وزانیاری دروستیان لەلایەو شوینەکانیان زانراوەو ناسراون !!چونکە بۆ شاهۆ دەتوانیٚ فارس و هیندی و عەرەب بدۆزیتەوەو رایان وەربگریٚ، بۆ ناتوانیٚ خەڵکی ڕاستگۆو حەقیقەت بیژەکان ولایەنەکانی تر بدۆزیتەوە؟؟؟؟شاهۆ لەهیچ شوینیکی بەرنامەکەیدا نەیدەگوت تاوانباران هەر دەیگوت (ئەوانەی تاوانیان دراوەتە پاڵ) لەکاتیکدا ئەوانە بەڵگەی تەواویان لەسەر جیگیر بووەو بڕیاری زیندانی هەتاهەتاییان بۆ دەرچووە!! سوپاس بۆ خوا کە شاهۆ ئەمین دادوەری دادگاییەکە نەبوو ئەگینا زوو ئازادی دەکردن !!؟؟هەربۆیە بەتوندی ناڕەزایی بەرامبەر بەرنامە ڕەشەکەی (شاهۆ ئەمین ) دەردەبڕین وهیوادارین بەزوترین کات هەڵەکەی بەبەرنامەیەکی بەویژدانتر( دەربارەی بەنازی شەهید) ڕاست بکاتەوەو گومانە زۆرەکان لەسەر خۆی بڕەوینیتەوە!!چونکە ئەگەر شاهۆ ئەوە نەکات وەك ئەوە وایە شاهۆ جاریکی تر بەشداری کوشتنی بەناز دەکات؟؟ یا گومانەکان لەشوینی خۆی دان ؟؟

*******************************************************

-من کچیکم پەیوەندی بەردەوامم بە( بیٚخالٚ مەحمود بابەکر ئاغا) وە هەیە ،لەترسی کوشتن و هەڕەشەی بنەماڵەیان لەلەندەن خۆی شاردۆتەوە، بیٚخالٚ لەوە دەترسیٚ تاوانبارەکان بە پارەیەکی زۆر خۆیان بکڕنەوەو هەوڵ بدەن حەوالەی حکومەتی هەریم بکرینەوەو ئازاد بکرین.